گوێم لە پێغەمبەر بوو -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی مەغریبدا سورەتی (الطور)ی دەخوێند

لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «گوێم لە پێغەمبەر بوو -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی مەغریبدا سورەتی (الطور)ی دەخوێند».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی بەیانیدا قورئانی زۆر دەخوێند، ولە نوێژی مەغریبدا کەم قورئانی دەخوێند، ولە نوێژەکانی تردا مامناوەند بوو. بەڵام جاری وا هەبوو وازی لەم یەک ئاستیە لە خوێندن دەهێنا بۆئەوەی ڕوونی بکاتەوە لە هەندێک حاڵەتدا دروستە قورئان زۆرتر یان کەمتر بخوێندرێت، هەروەکو لەم فەرموودەیەدا هاتووە لە نوێژی مەغریبدا سورەتی (الطور)ی دەخوێند، کە ئەمیش سورەتێکی درێژە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5321